NHS

# لێدانی ڤاکسینی کۆڤیدی 19


## هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە بزانیت

ڤاکسینی کۆڤیدی 19ت وەربگرە. بۆ زانیاریی زۆرتر، سەردانی ئێرە بکە:

**www.nhs.uk**

## ئایا دەزانیت؟

**لە ڤاکسینەکانی کۆڤیدی 19دا هیچ خانەیەکی ئاوڵەمە یان بەرهەمی ئاژەڵ نییە.**



## پشکنینی ڕاستەکان لەبارەی ڤاکسین

**ڕاستیەکان لەبارەی ڤاکسین لە سەرچاوەیەکی جێباوەڕ وەکوو NHS یان Gov.uk وەربگرە.**





## ئێستا ڤاکسینەکەت وەربگرە

- **بە شێوەی سەرهێڵ ناوت تۆمار بکە لە: www.nhs.uk/covid-vaccination**
- **تەلەفۆن بکە بۆ 119**
- **سەردانی کلینیکێکی بێنۆرە بکە (پێویستی بە وەختگرتن نیە)**
- **دەتوانیت لەم ناونیشانە ئینتەرنێتیە لیستێک لەو شوێنانە ببینیت کە دەتوانیت بێ نۆرە سەردانیان بکەیت: www.nhs.uk**

## ئایا دەزانیت؟

ئایا دەزانیت هەر نیشانەیەکی نەخۆشیی مڵایم کە دوای لێدانی ڤاکسین لە تۆدا دروست دەبێت نیشان دەدات ڤاکسینەکە کاریگەرە و ئاساییانە دوای چەند ڕۆژ لادەچێت.




## پشکنینی ڕاستەکان لەبارەی ڤاکسین

هیچ بەڵگەیەک نیە کە نیشان بدات ڤاکسینی کۆڤیدی 19 کاریگەری خراپی لەسەر توانای زاوزێ لە ژنان یان پیاواندا دەبێت.



## پشکنینی ڕاستەکان لەبارەی ڤاکسین

ڤاکسینەکانی کۆڤیدی 19 بە هیچ شێوەیەک DNAی تۆ ناگۆڕن و کاردانەوەیان نابێت لەگەڵی.



## ئایا دەزانیت؟

ڤاکسینی کۆڤیدی 19 بێمەترسی و کاریگەرە، و وەک هەموو ڤاکسینەکانی تر تاقی کراوەتەوە. هەوڵدانی سەدان کەسی زانا، بەشداریکردنی هەزاران کەسی خۆبەخش، و تەرخانکردنی چەند ملیار پاوند بوودجە نیشان دەدات کە ڤاکسینەکانی کۆڤیدی 19 بە شێوەیەکی خێرا و بێمەترسی دروست کراون.




## ئایا دەزانیت؟

ڤاکسینی کۆڤیدی 19 نابێتە هۆی ئەوەی کە تۆ تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ببیت.




## پشکنینی ڕاستەکان لەبارەی ڤاکسین

ئەو بڕە ئێتانۆلە کە بە کار هێنراوە کەمترە لەوەی کە لە لەتێک میوەدا هەیە.

